نزای: (بِسمِ اللهِ، تُرْبَةُ أرْضِنَا، بِرِيقَةِ بَعْضِنَا، يُشْفَى بِهِ سَقِيمُنَا، بإذْنِ رَبِّنَا)

له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر مرۆڤێک نەخۆش بووایە، یان تووشی هەوکردن وئازار بووایە؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەنجەی ئاوا لێدەکرد -گێڕەرەوەی فەرموودەکە (سوفیانی کوڕی عویەینە) پەنجەی شایەتمانی لەسەر زەوی دانا وبەرزی کردەوە- وپاشان -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «(بِسمِ اللهِ، تُرْبَةُ أرْضِنَا، بِرِيقَةِ بَعْضِنَا، يُشْفَى بِهِ سَقِيمُنَا، بإذْنِ رَبِّنَا)*». *(واتە: بەناوی خودا، خاکی زەوییەکەمان (لەگەڵ لیکی هەندێکمان، نەخۆشەکەمان شیفا دەدرێت، بە ئیزنی پەروەردگارمان

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەگەر مرۆڤێک نەخۆش بووایە، یان تووشی هەوکردن وئازار بووایە؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێکی لیکی دەخستە سەر پەنجەی شایەتمانی، وپاشان دەیخستە سەر خۆڵی خاکەکە بۆئەوەی هەندێک خۆڵی پێوە بلکێت، ومەسحی دەکرد بەسەر شوێنی برین وئازاری نەخۆشەکە ودەیفەرموو: «(بِسمِ اللهِ، تُرْبَةُ أرْضِنَا، بِرِيقَةِ بَعْضِنَا، يُشْفَى بِهِ سَقِيمُنَا، بإذْنِ رَبِّنَا)*». *(واتە: بەناوی خودا، خاکی زەوییەکەمان لەگەڵ لیکی هەندێکمان، نەخۆشەکەمان شیفا دەدرێت، بە ئیزنی پەروەردگارمان)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6113